# دیاردە

لە ناو وشەنامەی ئاڵمانی (Deutsche Wörterbuch Duden) ئاوا باس لە دیاردە (Phänomen) و دیاردەناسی (Phänomenologie)کراوە: "دەرکەوتنی سروشتی شتەکان، زانستی ناسینی شتەکان."
لە وشەنامەی فەلسەفە(Wörterbuch der philosophischen Begriffe) دا هاتووە: "دەرکەوتنە ڕووی شتەکان، دەرکەوتن(هاتنە بەرچاو)ی شتەکان، دەرکەوتنی مانابەخش. تێگەیشتن لە ناوەرۆکی هەر چەشنە شتێک". لەم پێوەندییەدا مانای فێنۆمێنالیسمووس) (Phänomenalismus) دیاردەگەرایی) ئاوا لێکدراوەتەوە: "شتەکان (Gegenstände) بەو چەشنە دێنەبەر دیتن و سەرنجی ئێمە کە ئێمە وەریان دەگرین، نەک بەو چەشنەی کە خۆیان هەن و بوونیان هەیە". ئەم تێگەیشتنێکە یەکەمجار لە لایەن کانت -ەوە هاتۆتە گۆڕێ.

هەر لەو وشەنامەیەدا باس لە زانستی دیاردەناسی (Phänomenologie) لە زمانی هێردەر (Herder) لامبرت (Lambert)وکانت(Kant ) ەوە کراوە، کە باس لە "واقعی هەر شت(دیاردە) و تێگەیشتنی مرۆڤ لە دیاردەکان" دەکەن، " دیاردە بەو چەشنەی خۆی لە بیر و زەین و تێگەیشتنی ئێمەدا دەنوێنێ، هاوتا نییە لە گەڵ بوونی دیاردەکە خۆی". وەک چۆن تێگەیشتنی ئێمە لە خۆمان وەک دیاردە و تێگەیشتنی کەسانی دی لە ئێمە وەک یەک نییە، وەک چۆن تێگەیشتنی ئینسان لە جیهان، لە ژیان، لە سروشت و هەر دیاردەیەک وەک بوونی دیاردەکە خۆی نییە.
لە ناو کتێبی ڕیشەنامە و بەیسنامەی وشەکان(Herkunftswörterbuch Das) دا بەم چەشنە مانای وشەی (Phänomen)لێکدراوەتەوە: "دەرکەوتنی سروشتی، دەرکەوتنی بوون، ڕووداوی بەدەگمەن، شتی بە دەگمەن و...". لێرەشدا بە ئاماژە بە وشە یۆنانییەکە (Phainomenon) بە مانای دەرکەوتن، دەرکەوتنە ڕووی هەر شت و هەموو شت هاتووە.

لە کتێبی دیاردەناسی بۆ دەستپێکەران (Phänomenologie für Einsteiger) لە نووسینی نووسەری دانمارکی- ئیسرائیلی دان زەهاڤی (Dan Zahavi) ئاوا باس لە مانای فێنۆمنۆلۆگی کراوە: "فێنۆمنۆلۆگی پێناسەی زانستی یە بۆ ناسینی دیاردە" کە لە سەدەی بیستەمەوە لە لایەن فەیلەسووفان ئێدمۆند هووسەرل(Edmund Husserl) ، مارتین هایدگەر Martin) (Heidegger، ژان پول سارتر(Jean-Paul Satre) ، ماکس شێلەر(Max Scheler) ، میشل فوکولت Michel) (Foucault، هانس گێئۆرگ گادامەر (Hans-Georg Gadamer )تێئۆدۆر ئادۆڕنۆ(Theodor W. Adorno) ، ماوریس پۆنتی(Maurice Merleau-Ponty ,) ، یورگن هابەرماس(Jürgen Habermas) ، ئارۆن گورویچ Aron) (Gurwitschڕۆمان ئینگاردن(Roman Ingarden) و کەسانی دیکەوە باسی لێوەکراوە و پەرەی پێدراوە. لە ناو ئەو فەیلەسووفانەدا ئێدمۆند هووسەرل بە دانەری دیاردەناسی دەناسرێ.

ئەوەی لەو سەرچاوانەوە دەردەکەوێ، ئەوەیە کە دیاردەکان (شت – بابەت، مژار) ئەوەن کە هەن و بوونیان هەیە و ئەوەن کە لە لای هەرکەس و کەسانەوە جیاواز دەنوێندرێن. تێگەیشتنی جیاواز لە دیاردە چ وەک شت کە ڕووی دەرەوەی هەیە و چ وەک بابەت و مژار کە گرێدراوی زەین و خەیاڵ و بیروبۆچوون و هزری مرۆڤ وەک تاک و کۆیە، ڕەنگدانەوەی دیاردەکەیە لە زەینی مرۆڤەکاندا، نە پێچەوانەکەی.

دیاردەکان وەک خۆیان هەن و تێڕوانینی جیاواز، ڕەنگدانەوەی جیاواز لە دیاردەکان دەخوڵقێنێ. تێگەیشتن لە دیاردەکان تەنیا بە دیتن و بینین یان دەرکەوتنی یەک بەر و یەک لایەن دەست نادات و نابێتە تێگەیشتن لە سەرجەم دیاردەکە. بۆ وێنە کوردستان وەک ژینگە و نیشتمان و شوێنی ژیانی نەتەوەیەک بە ناوی کورد، یەک دیاردەیە و کورد وەک کۆمەڵە مرۆڤ و نەتەوە، یەک دیاردە. کوت کوتکردنی ئەم دیاردەیە وەک خاک و نەتەوە، سازکردنی چەند دیاردە نییە. تێگەیشتن لەو پارچە پارچانە، تێگەیشتن لە سەرجەم دیاردەکە نییە.

ئینسان وەک یەک دیاردە بە هەموو ڕووی دەرەوە و ژوورەوەی، تێگەیشتنێک لە ئینسان پێکدەهێنێ و ئینسان وەک ڕۆژئاوایی و ڕۆژهەڵاتی و ئەم جوغرافیا و ئەو جوغرافیا تێگەیشتنێکی تر. دیاردەی ئینسان وەک ئۆبیەکت و سوبیەکت وەک خۆی، ئەوە نییە کە مرۆڤەکان لە زەین و دیتنی خۆیاندا جیاواز دەیخوڵقێنن. دیاردەی ئینسان وەک زیندەوەر یەک دیاردەیە، ئینسان وەک بابەت و مژار وەک خۆی هەمیسان یەک دیاردەیە و تێگەیشتنی مرۆڤ لە دیاردەکان جیاواز دەنوێنێ، دیاردەکان وەک خۆیان بوون و هەن.

فەیلەسووفەکان هەروەک چۆن بۆچوونیان دەتوانێ لە سەر دیاردەکان جیاواز بێ، لێرەش جیاوازی لە بۆچوون و تێگەیشتن لەمەڕ دیاردە و دیاردەناسی و بەشەکانی تری زانستی گرێدراو بە "دیاردەناسی" هەیە، کە باسکردنیان لەم کورتە باسەدا ناگونجێ.

هیچ دیاردەیەک یەک بەر و یەک لایەن و یەک ڕووی نییە. لە ناوەڕاستی ژوورێک چەمەدانێک داندراوە، مێشکی هەرکام لە ئێمە چ بە دیتن و چ بە بیستن، یەک وێنە و تێگەیشتن لە چەمەدانەکە وەرناگرێ. کاتێک بگوترێ چەمەدانێکی کۆنی قوفلکراو، زەینی ئێمە یاخود مێشکی ئێمە هەمیسان وەرگرتنی جیاواز لەو دیاردەیە وەردەگرێ. کاتێک ڕاستەوخۆ چەمەدانێکی کۆنی قوفلکراو لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا بکەوێتە بەرچاومان، وەرگرتن و ڕەنگدانەوەی بینینی ئەم چەمەدانە، ڕێک ئەوە نابێ کە بیستبوومان. گەر باس لە چەمەدانێکی کۆنی ژێرخانی ماڵە کۆنێک بکرێ، مێشکی هەر بیسەرێک وەرگرتنی جیاواز و تێگەیشتنی جیاوازی لە چەمەدانەکە و چۆنیەتی دەرەوە و ژوورەوەی دەبێ. ئەوەش ماڵە کۆن هی چ سەردەمێک و هی کێ و لە کوێ بووە، وەرگرتنی جیاواز لە مێشک و خەیاڵ و بیرکردنەوەی کەسەکاندا دەخوڵقێنێ.
ئەوەی دیاردەکە خۆی چییە و چۆنە لە گەڵ ئەوەی ئێمە چی و چۆنی وەردەگرین یەک نین، واتە واقعی هەر شت(دیاردە) و تێگەیشتنی مرۆڤ لە دیاردە ئەو باسانەیە کە دەبێتە باسی فێنۆمنۆلۆگی. Phänomenologie
بگەڕێینەوە ناو ژوورەکە. چەمەدانێک لە ناوەڕاستی ژوورەکە داندراوە، ئێمە لە ڕووبەڕووەوە چاومان پێیدەکەوێ.

سەیرکردنی ئێمە لە چەمەدانەکە لە بەرانبەرەوە، تەنیا یەک ڕووی بە تەواوەتی دەردەخات و نابێتە تێگەیشتنی تەواو و وەرگرتنی زانیاری تەواو لە چەمەدانەکە. چەمەدانەکە شەش بەری هەیە، پشت و ڕوو، تەنیشتی دەستە ڕاست و چەپ، سەر و خوار. ڕووی پێشەوە و پشتەوە وەک یەک نین، ڕووی سەرەوە و بنەوە وەک یەک نین، ڕەنگە ڕووی تەنیشتە چەپ و ڕاست وەک یەک بن. واتە مرۆڤ و بگرە زیندەوەرانی تر کاتێک دیاردەکان بە باشی وەردەگرن کە هەموو لایەنەکانی ببینن، یاخود بیر لە هەموو لایەنی دیاردەکە بکەنەوە. کاتێک بمانەوێ دیاردەیەک، بابەتێک بە تەواوەتی وەرگرین، گەرەکە هەموو لایەن و هەموو بەرەکانی بکەوێتە بەر نەزەر.

هەر دیاردەیەک زیاتر لە بەر و لایەنی هەیە، چ وەک شت و چ وەک بابەت و مژار.
سەرەڕای ئەوەی چەمەدانەکە وەک واقعی خۆی، وەک بوونی خۆی، یەک شتە، بەڵام ڕەنگە لە زەین و تێگەیشتن و وەرگرتنی ئێمەدا، وەک یەک دەرنەکەوێ. سەیرکردنی دارێک، گوڵێک، شاخێک لە زەینی هەرکام لە ئێمەدا وەک یەک دەرناکەون، سروشت، جیهان، ئینسان وەک یەک لە زەینی ئێمەدا، وەک یەک دەرناکەون و هەر کەس دیتن و وەرگرتنی خۆی هەیە کە گرێدراوی کەسەکە و لایەنەکانیەتی. دار، گوڵ، شاخ، سروشت، جیهان، ئینسان وەک خۆیان هەر ئەوەن کە هەن.

گەر دەرگای چەمەدانەکە هەڵدرێتەوە، گەر بەتاڵ بێ، هەمیسان هەمە لایەنە و فۆڕمی ناوەوەی جیاوازە لە دەرەوەی، سەرەڕای بەتاڵ بوون، دەرکەوتنی لە زەینی ئێمەدا یەکسان نییە، گەر پڕ لە شت بێ هەرکام لە شتەکان وەرگرتنی جیاواز لە زەینی ئێمەدا پێک دەهێنن.
هەر کەس بە دیتنی گوڵێکی ژاکاوی وشکبووی ناو چەمەدانەکە، بەرەو چیرۆکێک دەڕوا، هەمیسان بوونی پرێسکەیەکی چەند جار گرێدراو لە ناو چەمەدانە کۆنەکە، هەر کەس بەرەو تێگەیشتنی جیاواز دەبات. گەر گرێی پرێسکەکە بکرێتەوە و چاومان بە پرچێکی بڕدراو بکەوێ، بەرەو خەیاڵ و تێگەیشتنی خۆمان دەڕۆین. ناوەڕۆکی چەمەدانەکە هەر شتێک بێ، ئێمەی بینەر بەرەو وەرگرتنی خۆمان لە شتەکان دەکێشرێین، بەو مانایەی هەرکام لە ئێمەش وەک دیاردە، ئۆبیەکت و سوبیەکت، جیاواز دەکەوینە بەر نەزەری کەسانی جگە لە خۆمان. ئەوەی هەرکام لە ئێمە خۆمان چۆن دەبینیین و کەسان چۆن ئێمە دەبینن، دوو بینینی وەک یەک نییە، واقعی هەرکام لە ئێمە لە هەر دوو لایەنەوە هەر ئەوە نییە کە کەسان و کەسی بەرانبەر دەیبینن یان دەینوێنن.
تێگەیشتن لە بابەت، مژار، بینینی شەش لایەنی دەرەوە و ناوەوەی چەمەدان نییە، گرێدراوی بەئاگابوون، سەربەخۆبوونی تاک و تێگەیشتن لە دیاردەکانی تر و بە گشتی دیاردەکانە.

برایم فەرشی
٢٢/٦/٢٠٢٢
وەرگیراو لە گۆڤاری هێما
ژمارە ٣ ساڵی ٢٠٢٢
Govarihema.com